سوره 27: النمل

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

طس تِلْكَ آيَاتُ الْقُرْآنِ وَكِتَابٍ مُّبِينٍ (1)

سەرنجی سەرەتای سورەتی (البقرة) بدە، ئەم (قورئانەی کە ڕەوانە کراوە) ئایەتەکانی لە کتێبێکی (پیرۆزو بەنرخدایە) وە قورئانێکی ئاشکراو ڕوونە.

هُدًى وَبُشْرَى لِلْمُؤْمِنِينَ (2)

ڕێنموونی بەخش و مژدەبەخشە بە ئیمانداران (لە هەموو سەردەمێکدا).

الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُم بِالْآخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ (3)

ئەوانەی کە نوێژەکانیان بەچاکیی ئەنجام دەدەن و زەکات دەبەخشن و باوەڕێکی بەتین و دامەزراویان بە ڕۆژی قیامەت هەیە.

إِنَّ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ زَيَّنَّا لَهُمْ أَعْمَالَهُمْ فَهُمْ يَعْمَهُونَ (4)

بێگومان ئەوانەی کە باوەڕیان بە قیامەت نیە، کاروکردەوەکانیانمان بۆ ڕازاندونەتەوە، وە ئەوانە سەرگەردان و سەرلێشیواون.

أُوْلَئِكَ الَّذِينَ لَهُمْ سُوءُ الْعَذَابِ وَهُمْ فِي الْآخِرَةِ هُمُ الْأَخْسَرُونَ (5)

ئا ئەوانە ناخۆشترین و ناسۆرترین سزا بۆیان ئامادەیە وە ئەوانە لە قیامەتدا لە هەموو کەس خەسارەتمەندترن.

وَإِنَّكَ لَتُلَقَّى الْقُرْآنَ مِن لَّدُنْ حَكِيمٍ عَلِيمٍ (6)

بەڕاستی تۆ (ئەی محمد صلى الله عليه وسلم) قورئان لەلایەن زاتێکی دانو زاناوە وەردەگریت و پێت دەگات.

إِذْ قَالَ مُوسَى لِأَهْلِهِ إِنِّي آنَسْتُ نَارًا سَآتِيكُم مِّنْهَا بِخَبَرٍ أَوْ آتِيكُم بِشِهَابٍ قَبَسٍ لَّعَلَّكُمْ تَصْطَلُونَ (7)

یادیان بێنەوە کاتێک کە موسا (لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ میسر) بە هاوسەرەکەی وت: (ئێوە لێرەدا بمێنن) من ئاگرێك بەدی دەکەم. دەچم هەواڵێکتان بۆ دێنم وە یا سەلکە بزوتێکتان بۆ دێنم تا خۆتانی پێ گەرم بکەنەوە.

فَلَمَّا جَاءهَا نُودِيَ أَن بُورِكَ مَن فِي النَّارِ وَمَنْ حَوْلَهَا وَسُبْحَانَ اللَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ (8)

کاتێ کە گەیشتە لای ئاگرەکە (بینی نوورو ڕوناکیەکی بێ وێنەیە) بانگی لێکرا: کە پیرۆزە ئەو کەسەی کە لەپاڵ ئاگرەکەدایە وە ئەو فریشتانەش کە بە دەوریدا هەن، پاکیی و بێگەردیی بۆ خوایە، کە پەروەردگاری هەموو جیهانەکانە.

يَا مُوسَى إِنَّهُ أَنَا اللَّهُ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (9)

ئەی موسا (ئەو کەسەی کە قسەت بۆ دەکات ئەوە) منم خوای باڵادەست و دانا.

وَأَلْقِ عَصَاكَ فَلَمَّا رَآهَا تَهْتَزُّ كَأَنَّهَا جَانٌّ وَلَّى مُدْبِرًا وَلَمْ يُعَقِّبْ يَا مُوسَى لَا تَخَفْ إِنِّي لَا يَخَافُ لَدَيَّ الْمُرْسَلُونَ (10)

گۆچانەکەت فڕێ بدە، کاتێ کە بینی بوو بە ئەژدیهاو مارێکی چاپوک و چالاک، وەک پەری بەخێرایی دەجوڵا، موسا پشتی پێ کردو هەڵات و ئاوڕی نەدایەوە، (خوای گەورە بانگی کردو فەرمووی): ئەی موسا مەترسە، پێغەمبەران لەلای من ناترسن و بیمیان نیە.

إِلَّا مَن ظَلَمَ ثُمَّ بَدَّلَ حُسْنًا بَعْدَ سُوءٍ فَإِنِّي غَفُورٌ رَّحِيمٌ (11)

مەگەر کەسێک ستەمێکی کردبێت و لەدواییدا چاکەکاربێ دوای ئەوەی هەڵەی هەبووە ئەوە من بۆ ئەو جۆرە کەسانە لێخۆشبوو و میهرەبانم.

وَأَدْخِلْ يَدَكَ فِي جَيْبِكَ تَخْرُجْ بَيْضَاء مِنْ غَيْرِ سُوءٍ فِي تِسْعِ آيَاتٍ إِلَى فِرْعَوْنَ وَقَوْمِهِ إِنَّهُمْ كَانُوا قَوْمًا فَاسِقِينَ (12)

جا دەستەکەت بخەرە گیرفانتەوە، دوایی کە دەریدێنی سپی و جوان دەنوێنێت بێ ئەوەی عەیبدار بێت، (ئەم دوو "معجزة"یە لە ڕیزی نۆ "معجزة"دان بۆ فیرعەون و قەومەکەی) بەڕاستی ئەوانە قەومێکی نالەبارو گوناهکارن.

فَلَمَّا جَاءتْهُمْ آيَاتُنَا مُبْصِرَةً قَالُوا هَذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ (13)

کاتێ کە (معجزة)کانی ئێمەیان بەڕوونی و ئاشکرا خرایە بەرچاو وتیان: ئەمە جادوویەکی ئاشکرایە.

وَجَحَدُوا بِهَا وَاسْتَيْقَنَتْهَا أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُفْسِدِينَ (14)

ئەوانە هەر ڕق ئەستووریان کرد و باوەڕیان پێی نەبوو، بە زۆرداری و خۆبەزلزانی، لە کاتێکدا لە ناخی دەروونیانەوە هەستیان دەکرد کە حەقیقەتەو ڕاستە، دە تەماشا بکەو سەرنج بدە بزانە سەرئەنجامی تاوانباران و گوناهکاران چۆن بوو.

وَلَقَدْ آتَيْنَا دَاوُودَ وَسُلَيْمَانَ عِلْمًا وَقَالَا الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي فَضَّلَنَا عَلَى كَثِيرٍ مِّنْ عِبَادِهِ الْمُؤْمِنِينَ (15)

بێگومان ئێمە بە داودو سولەیمان زانیاری و زانستمان بەخشی، هەردووکیان وتیان: سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە ڕیزی ئێمەی داوە بەسەر زۆرێک لە بەندە ئیماندارەکانیدا.

وَوَرِثَ سُلَيْمَانُ دَاوُودَ وَقَالَ يَا أَيُّهَا النَّاسُ عُلِّمْنَا مَنطِقَ الطَّيْرِ وَأُوتِينَا مِن كُلِّ شَيْءٍ إِنَّ هَذَا لَهُوَ الْفَضْلُ الْمُبِينُ (16)

سولەیمان جێنشینی داودی باوکی بوو، (ڕۆژێکی) وتی: ئەی خەڵکینە ئێمە فێری زمانی باڵندە کراوین، وە لەهومو شتێکمان پێدراوە، بەڕاستی فەزڵ و ڕیزێکی ئاشکرایە (لەلایەن خواوە پێمان بەخشراوە).

وَحُشِرَ لِسُلَيْمَانَ جُنُودُهُ مِنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ وَالطَّيْرِ فَهُمْ يُوزَعُونَ (17)

هەرچی سەربازو لەشکری سولەیمان هەبوو لە پەری و ئادەمیزاد و باڵندەکان کۆکرانەوەو نمایشیان کرد بە ڕێزو بە ڕیکوپێکیی.

حَتَّى إِذَا أَتَوْا عَلَى وَادِي النَّمْلِ قَالَتْ نَمْلَةٌ يَا أَيُّهَا النَّمْلُ ادْخُلُوا مَسَاكِنَكُمْ لَا يَحْطِمَنَّكُمْ سُلَيْمَانُ وَجُنُودُهُ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ (18)

هەتا گەیشتنە دۆڵی مێروله، مێروولە مێچکەیەك (هاواری کردو) وتی: ئەهای مێروولەینە بچنە ماڵ و کون و کەلەبەرەکانتانەوە نەوەکو سولەیمان و سەربازانی پێشێلتان بکەن و هەستتان پێنەکەن.

فَتَبَسَّمَ ضَاحِكًا مِّن قَوْلِهَا وَقَالَ رَبِّ أَوْزِعْنِي أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ الَّتِي أَنْعَمْتَ عَلَيَّ وَعَلَى وَالِدَيَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَالِحًا تَرْضَاهُ وَأَدْخِلْنِي بِرَحْمَتِكَ فِي عِبَادِكَ الصَّالِحِينَ (19)

سولەیمان (کە گوێی لە هاواری مێروولەکە بوو) زەردەخەنە گرتی و پێکەنی بە هاوارو قسەکەی و وتی: پەروەردگارا یارمەتیم بدە تا سوپاسگوزاری نازو نیعمەتەکانت بم کە بەسەر من و دایک و باوکما ڕژاندوتە، هەروەها کۆمەکیم بکە تا کارو کردەوەی چاکە ئەنجام بدەم کە تۆ پێی ڕازیبیت، وە بە ڕەحمەت و میهرەبانیی خۆت بمخەرە ڕیزی بەندە چاکەکانتەوە.

وَتَفَقَّدَ الطَّيْرَ فَقَالَ مَا لِيَ لَا أَرَى الْهُدْهُدَ أَمْ كَانَ مِنَ الْغَائِبِينَ (20)

(ئینجا سولەیمان) کەوتە بەسەرکردنەوەی دەستەو تاقمی باڵندەکان و وتی: ئەوە بۆ من پەپوو نابینم، یاخود لێرە نیەو خۆی دزیوەتەوە!!

لَأُعَذِّبَنَّهُ عَذَابًا شَدِيدًا أَوْ لَأَذْبَحَنَّهُ أَوْ لَيَأْتِيَنِّي بِسُلْطَانٍ مُّبِينٍ (21)

ئەبێ سزایەکی زۆر سەختی بدەم یا سەری بڕم، یا دەبێت بەڵگەیەکی ئاشکراو ڕوونی هەبێت.

فَمَكَثَ غَيْرَ بَعِيدٍ فَقَالَ أَحَطتُ بِمَا لَمْ تُحِطْ بِهِ وَجِئْتُكَ مِن سَبَإٍ بِنَبَإٍ يَقِينٍ (22)

(سولەیمان) زۆر چاوەڕێی نەکرد (پەپو پەیدا بوو، یەکسەر هات و نیشتەوە و) وتی: ئەوەی من پێم زانیوە تۆ پێت نەزانیوە، من لە (وڵاتی) سەبەئەوە هەواڵێکی ڕاست و دروستم بۆ هێناویت!!

إِنِّي وَجَدتُّ امْرَأَةً تَمْلِكُهُمْ وَأُوتِيَتْ مِن كُلِّ شَيْءٍ وَلَهَا عَرْشٌ عَظِيمٌ (23)

من بۆ دەرکەوت ئافرەتێك شاژنیانە وە لەهەموو جۆرە دەسەڵات و نازو نیعمەتێکی پێبەخشراوە، تەختێکی پاشایەتی گەورەشی هەیە.

وَجَدتُّهَا وَقَوْمَهَا يَسْجُدُونَ لِلشَّمْسِ مِن دُونِ اللَّهِ وَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ فَصَدَّهُمْ عَنِ السَّبِيلِ فَهُمْ لَا يَهْتَدُونَ (24)

بینیم خۆی و قەومەکەی سوژدە بۆ خۆر دەبەن لەجیاتی خوا، شەیتان کاروکردەوەی (چەوتیانی) بۆ ڕازاندۆتەوە و ڕێبازی ڕاست و دروست نادۆزنەوە!!

أَلَّا يَسْجُدُوا لِلَّهِ الَّذِي يُخْرِجُ الْخَبْءَ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَيَعْلَمُ مَا تُخْفُونَ وَمَا تُعْلِنُونَ (25)

(ئەوەش ئەمەیە) کە دەبوا سوژدە هەر بۆ ئەو خوایە ببەن کە نهێنی دەردەکێشێت لە ئاسمانەکان و زەویدا، وە دەزانێت چی دەشارنەوەو جیش ئاشکرا دەکەن.

اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ (26)

خوا ئەو زاتەیە کە جگە لەو خوایەکی تر نیە، پەروەردگاری تەختی (فەرمانڕەوایی) مەزن و گەورەیە.

قَالَ سَنَنظُرُ أَصَدَقْتَ أَمْ كُنتَ مِنَ الْكَاذِبِينَ (27)

سولەیمان وتی بە پەپوو: ئێمە لەم گوفتارەی تۆ دەکۆڵینەوە تا بزانین ڕاست دەکەیت یا لەڕیزی درۆزنانیت.

اذْهَب بِّكِتَابِي هَٰذَا فَأَلْقِهْ إِلَيْهِمْ ثُمَّ تَوَلَّ عَنْهُمْ فَانظُرْ مَاذَا يَرْجِعُونَ (28)

(سولەیمان نامەیەکی نوسی و دای بە پەپوو فەرمانی پێدا کە) بڕۆ ئەم نامەیە ببەو (لە شوێنێکی بەرچاودا) بۆیان فڕێ بدەو (لە پەنایەکدا) خۆت حەشار بدەو بزانە دەڵێن چی و چ باسو خواسێك دەکەن.

قَالَتْ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ إِنِّي أُلْقِيَ إِلَيَّ كِتَابٌ كَرِيمٌ (29)

(شاژن هات و نامەی بینی و خوێندیەوە و وەزیران و ئەنجومەنەکەی خۆی کۆکردەوە و) وتی: ئەی ڕێزداران، من نامەیەکەی پیرۆزو بەڕێزم بۆ دانراوە.

إِنَّهُ مِن سُلَيْمَانَ وَإِنَّهُ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ (30)

(نامەکەی) لە سولەیمانەوەیە، بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە (دەست پێ دەکات و دەڵێت).

أَلَّا تَعْلُوا عَلَيَّ وَأْتُونِي مُسْلِمِينَ (31)

خۆتان بە گەورە مەزانن و لێم یاخی مەبن و وەرن موسوڵمان بن و (واز لە خۆپەرستی بێنن و بەدیهێنەری خۆرو مانگ و ئەستێرەو زەوی و ...هتد بپەرستن).

قَالَتْ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ أَفْتُونِي فِي أَمْرِي مَا كُنتُ قَاطِعَةً أَمْرًا حَتَّىٰ تَشْهَدُونِ (32)

(ئینجا بەلقیسا بە ئامادەبوانی) وت: ئەی ڕێزداران ڕاتان چیە، چی بکەم باشە، خۆ من هیچ بڕیارێکم نەداوە هەتا ئێوە لێی ئاگادار نەبووبن و ڕاتان لەسەری نەدابێت.

قَالُوا نَحْنُ أُوْلُوا قُوَّةٍ وَأُولُوا بَأْسٍ شَدِيدٍ وَالْأَمْرُ إِلَيْكِ فَانظُرِي مَاذَا تَأْمُرِينَ (33)

(ئەنجومەنەکەی) وتیان: (خۆت دەزانی) کە ئێمە خاوەنی هێزو تواناو دەسەڵاتی سەخت و تەواوین، فەرمانیش فەرمانی تۆیە، بیربکەرەوەو تێفکرە چ فەرمانێک دەدەیت (ئێمە ئامادەین).

قَالَتْ إِنَّ الْمُلُوكَ إِذَا دَخَلُوا قَرْيَةً أَفْسَدُوهَا وَجَعَلُوا أَعِزَّةَ أَهْلِهَا أَذِلَّةً وَكَذَلِكَ يَفْعَلُونَ (34)

(بەلقیسا وتی): بەڕاستی (لەشکری) پاشاکان هەرکاتێ چووبنە شارو دێهاتەکانەوە وێران و کاولیان کردووە، وە کەسانی خاوەن دەسەڵات و پیاوی ناوداری ئەو شوێنەیان زەلیل و ڕیسوا کردووە، وە هەمیشە ئەوە پیشەیانەو بەو جۆرە دەکەن.

وَإِنِّي مُرْسِلَةٌ إِلَيْهِم بِهَدِيَّةٍ فَنَاظِرَةٌ بِمَ يَرْجِعُ الْمُرْسَلُونَ (35)

(لەبەر ئەوە) بڕیارم داوە کە دیارییەکیان بۆ بنێرم، چاوەڕێ دەکەم بزانم نوێنەرەکان چ (هەواڵێکم) بۆ دێننەوەو (هەڵوێستی بەلقیسا چۆن دەبێت).

فَلَمَّا جَاء سُلَيْمَانَ قَالَ أَتُمِدُّونَنِ بِمَالٍ فَمَا آتَانِيَ اللَّهُ خَيْرٌ مِّمَّا آتَاكُم بَلْ أَنتُم بِهَدِيَّتِكُمْ تَفْرَحُونَ (36)

کاتێک کە (نوێنەری) نێردراوەکان گەیشتە لای سولەیمان، (هەواڵی دیارییەکەی گەیاند، سولەیمان بە توڕەییەوە) پێی وت: ئێوە دەتانەوێت بە ماڵ و سامان و دیاری کۆمەکیم بکەن و (بمخەڵەتێنن)؟! (من دڵنیام) کە ئەو شتانەی خوا بەخشیوە، ئەوە ئێوەن کە بە دیارییەکەتان دڵتانخۆشە.

ارْجِعْ إِلَيْهِمْ فَلَنَأْتِيَنَّهُمْ بِجُنُودٍ لَّا قِبَلَ لَهُم بِهَا وَلَنُخْرِجَنَّهُم مِّنْهَا أَذِلَّةً وَهُمْ صَاغِرُونَ (37)

(ئەی نوێنەری بەلقیس) بگەڕێرەوە بۆلایان و (پێیان بڵێ) دەبێت بە سەربازانێکەوە بچینە سەریان کە نەیان دیبێت و نەتوانن بەرگریی بکەن، وە دەبێت دەریان بکەین لە شوێنەواریان بە زەلیلی و ڕیسواییەوە.

قَالَ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ أَيُّكُمْ يَأْتِينِي بِعَرْشِهَا قَبْلَ أَن يَأْتُونِي مُسْلِمِينَ (38)

(سولەیمان زانی هەڕەشەکەی کاریگەر دەبێت بۆیە ڕوو بەئەندامانی حکومەتەکەی) وتی: ئەی خەڵکینە کامتان دەتوانێت تەختی شاژنە بەلقیسام بۆ بێنێ پێش ئەوەی بێن بۆ لام و تەسلیم ببن.

قَالَ عِفْرِيتٌ مِّنَ الْجِنِّ أَنَا آتِيكَ بِهِ قَبْلَ أَن تَقُومَ مِن مَّقَامِكَ وَإِنِّي عَلَيْهِ لَقَوِيٌّ أَمِينٌ (39)

دێویک لە پەریەکان وتی: من بۆت دەهێنم پێش ئەوەی (دەوام) تەواو ببێت و لەجێی خۆت هەستی، وە من بۆئەو کارە خۆم بە بەهێزو ئەمین دەزانم.

قَالَ الَّذِي عِندَهُ عِلْمٌ مِّنَ الْكِتَابِ أَنَا آتِيكَ بِهِ قَبْلَ أَن يَرْتَدَّ إِلَيْكَ طَرْفُكَ فَلَمَّا رَآهُ مُسْتَقِرًّا عِندَهُ قَالَ هَذَا مِن فَضْلِ رَبِّي لِيَبْلُوَنِي أَأَشْكُرُ أَمْ أَكْفُرُ وَمَن شَكَرَ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ رَبِّي غَنِيٌّ كَرِيمٌ (40)

(بەڵام یەکێ لە پیاوچاکان) کە زانست و زانیاری لە (نهێنیەکانی) کتێبی تەورات هەبوو وتی: من بۆت دەهێنم بە چاوتروکاندنێک (دەستی کرد بە نزاو پاڕانەوەو داوای لە خوا کرد)، کاتێ کە (سولەیمان) بینی تەختی پاشایەتی لەلایدا دانراوە وتی: ئەمە لە فەزڵ و بەخششەکانی پەروەردگارمەوە تاقیم دەکاتەوە.. ئایا سوپاسگوزار دەبم یان ناشکورو بەدنمەک، جا ئەوەی سوپاسگوزار بێت ئەوە سوپاسگوزارە بۆ خۆی، ئەوەی سوپاسناپەزێرە، ئەوە (بابزانێت) کە پەروەردگارم دەوڵەمەندو بێ نیازەو خاوەنی بەخششە (بە هەموان).

قَالَ نَكِّرُوا لَهَا عَرْشَهَا نَنظُرْ أَتَهْتَدِي أَمْ تَكُونُ مِنَ الَّذِينَ لَا يَهْتَدُونَ (41)

(ئینجا سولەیمان فەرمانی داو) وتی: تەختی پاشایەتی دەستکاری بکەن (هەندێ ڕەنگ و نەخشی بگۆڕن) سەرنج دەدەین بزانین دەیناسێتەوە، یا لەو کەسانە دەبێ کە نایناسنەوە.

فَلَمَّا جَاءتْ قِيلَ أَهَكَذَا عَرْشُكِ قَالَتْ كَأَنَّهُ هُوَ وَأُوتِينَا الْعِلْمَ مِن قَبْلِهَا وَكُنَّا مُسْلِمِينَ (42)

کاتێ کە (بەلقیسا) گەیشت، پێی وترا: تەختی پاشایەتی تۆ ئاوایە؟!
(بەلقیسا) وتی: هەر دەڵێی ئەوەو لەو دەچێت، ئێمە پێش ئەمەش زانیاریمان هەبوو (دەربارەی توانایی و دەسەڵاتی سولەیمان) وە ئێمە تەسلیم بوین و (نیازی جەنگمان نیە).

وَصَدَّهَا مَا كَانَت تَّعْبُدُ مِن دُونِ اللَّهِ إِنَّهَا كَانَتْ مِن قَوْمٍ كَافِرِينَ (43)

ئەو شتانەی کە (بەلقیسا) دەیپەرست لەجیاتی خوا بووبوونە بەربەست (لە دڵ و دەرونیدا) لەبەرانبەر ئایینی خوادا، ئەو کاتی خۆی لە ڕیزی قەومێکی کافرو خوانەناسدا بوو.

قِيلَ لَهَا ادْخُلِي الصَّرْحَ فَلَمَّا رَأَتْهُ حَسِبَتْهُ لُجَّةً وَكَشَفَتْ عَن سَاقَيْهَا قَالَ إِنَّهُ صَرْحٌ مُّمَرَّدٌ مِّن قَوَارِيرَ قَالَتْ رَبِّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي وَأَسْلَمْتُ مَعَ سُلَيْمَانَ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ (44)

ئەوسا پێی وترا بچۆرە کۆشکەکەوە، (کاتێ کە بەرەو کۆشک کەوتە ڕێ، ئاوێك لەبەردەم کۆشکەکەدا بوو، بە شوشە سەری گیرابوو) کە بینی وای زانی هەر ئاوێکی (تەنکەو) قاچی خۆی هەڵکرد (تا تەڕ نەبێت) (سولەیمان) وتی: ئەو پانتاییە بە شوشە سەری گیراوە (بەلقیسا سەرسام بوو لە دەسەڵات و کۆشک و تەلارو نازو نیعمەتی ماددی و مەعنەوی کە خوای گەورە بە سولەیمانی بەخشیوە بۆیە) وتی:
پەروەردگارا من (تا ئێستا) ستەمم لەخۆم کردووە (کە خۆرم پەرستووە)، ئیتر وا لەگەڵ سولەیماندا تەسلیمی خوای پەروەردگاری جیهانەکان بووم.

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا إِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ فَإِذَا هُمْ فَرِيقَانِ يَخْتَصِمُونَ (45)

بێگومان ئێمە (صالّح پێغەمبەرمان) نارد بۆ سەر قەومی (ثمود) کە وەک برایەکی دڵسۆزیان وابو، (وە فەرمانمان پێدا کە پێیان بڵێ: تەنها) خوا بپەرستن، کەچێ خەڵکەکە بوون بە دوو دەستەوەو کێشەو ناخۆشی لەنێوانیاندا دروستبوو.

قَالَ يَا قَوْمِ لِمَ تَسْتَعْجِلُونَ بِالسَّيِّئَةِ قَبْلَ الْحَسَنَةِ لَوْلَا تَسْتَغْفِرُونَ اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ (46)

صالّح پێی وتن: ئەی قەوم و کەسم بۆچی ئێوە پەلەتانە و حەز دەکەن بەڵاو ناخۆشیتان بەسەربێت، (بەگاڵتەی دەزانن؟! بۆ حەز ناکەن) بکەونە خۆشیەوە (بەهۆی ئیمان و باوەڕەوە) ئەی بۆچی داوای لێخۆشبوون لەخوا ناکەن بەڵکو ڕەحمتان پێ بکرێت (وە خوای گەورە دەرووی زیاترتان لێ بکاتەوە).

قَالُوا اطَّيَّرْنَا بِكَ وَبِمَن مَّعَكَ قَالَ طَائِرُكُمْ عِندَ اللَّهِ بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ تُفْتَنُونَ (47)

(قەومی نالەبار) وتیان: ئێمە تووشی شووم و نەگبەتیی بووین بەهۆی تۆو ئەوانەی لەتەک تۆدان، (صالّح) وتی: نەگبەتی و شوومتان لەلایەن خواوە بۆ دێت (ئەگەر بەردەوام بن لەسەر یاخیبوونتان)، بەڵکو ئێوە قەومێکن کە تاقیدەکرێنەوە (تا بیربکەنەوە).

وَكَانَ فِي الْمَدِينَةِ تِسْعَةُ رَهْطٍ يُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ وَلَا يُصْلِحُونَ (48)

لەو شارەدا نۆ دەستە هەبوو کە گوناهو تاوانیان ئەنجامدەدا لە زەویداو بەلای چاکەو چاکەکاریدا نەدەچوون.

قَالُوا تَقَاسَمُوا بِاللَّهِ لَنُبَيِّتَنَّهُ وَأَهْلَهُ ثُمَّ لَنَقُولَنَّ لِوَلِيِّهِ مَا شَهِدْنَا مَهْلِكَ أَهْلِهِ وَإِنَّا لَصَادِقُونَ (49)

هەموو ئەوانە سوێندیان بەخواو بۆ یەکتر خوارد کە شەو (صالح پێغەمبەرو) ماڵ و منداڵی لەناوبەرن (هەروەها وتیان: ئەگەر گومانیان لێ کردین) دەڵێین ئێمە ئاگامان لە تیاچوونی ئەوان نیەو ڕاستگۆشین.

وَمَكَرُوا مَكْرًا وَمَكَرْنَا مَكْرًا وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ (50)

(ئەو تاوانبارانە) پیلان و تەڵەکەیان گێڕا (بۆ لەناو بردنی صالح و شوێنکەوتوانی) ئێمەش نەخشەیەکی ترمان کێشا (بۆ ڕزگار کردنی ئیمانداران و لەناوبردنی خوانەناسان) کە ئەوان هەر ئاگایان لێ نەبوو.

فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ مَكْرِهِمْ أَنَّا دَمَّرْنَاهُمْ وَقَوْمَهُمْ أَجْمَعِينَ (51)

جا ئیتر سەرنج بدەو تەماشاکە، سەرئەنجامی پیلانەکەیان چیان بەسەرهات، ئێمە ئەوانیش و هەموو قەومەکەیانمان لەناوبرد (بەهۆی زەوی لەرزەوە).

فَتِلْكَ بُيُوتُهُمْ خَاوِيَةً بِمَا ظَلَمُوا إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لِّقَوْمٍ يَعْلَمُونَ (52)

ئەوەتە ماڵەکانیان کاول و چۆڵە بەهۆی ستەمیانەوە، بەڕاستی ئالەو بەسەرهاتەدا بەڵگەو نیشانەی تەواو هەیە بۆ کەسانێك کە لە شت تێبگەن و (خواناس بن).

وَأَنجَيْنَا الَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ (53)

(بەڕاستی هەر) ئێمە ئەو کەسانەمان ڕزگار کرد کە باوەڕیان هێنابوو، وە ئەوانە پارێزکارو خواناسیش بوون.

وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ أَتَأْتُونَ الْفَاحِشَةَ وَأَنتُمْ تُبْصِرُونَ (54)

(لوط پێغەمبەریش) کاتی خۆی بە قەومەکەی وت: باشە، ئێوە کاری نابەجێ و تاوان و گوناه ئەنجام دەدەن؟!، خۆ ئێوە چاوتان هەیەو دەبینن (چۆن شەرمەزار نابن، چۆن خەجاڵەت و ڕیسوا نابن).

أَئِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ شَهْوَةً مِّن دُونِ النِّسَاء بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ (55)

ئایا (ڕەوایە) کە ئارەزووی (جنسی) خۆتان لەگەڵ پیاواندا ئەنجام بدەن لەجیاتی ژنایان؟! بەڕاستی ئێوە قەومێکی نەفامن (نە خوا دەناسن، نە ڕێبازی سروشتی دەزانن، نە ڕەوشتتان هەیە).

فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِ إِلَّا أَن قَالُوا أَخْرِجُوا آلَ لُوطٍ مِّن قَرْيَتِكُمْ إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ (56)

وەڵامی قەومەکەی تەنها ئەوەبوو کە وتیان: (لوط)و شوێنکەوتوانی لە شارەکەتان دەرکەن، چونکە ئەوانە کەسانێکی پاکن و (بێزارن لە ناپوختی ئێمە)!!

فَأَنجَيْنَاهُ وَأَهْلَهُ إِلَّا امْرَأَتَهُ قَدَّرْنَاهَا مِنَ الْغَابِرِينَ (57)

سەرئەنجام ئێمە (لوط) و خاوخێزانیمان ڕزگار کرد جگە لە ژنەکەی کە بڕیارمان دابوو لەو کەسانە بێت کە بمێنێتەوە (تا لەناویاندا ئەویش تیاچێت چونکە هەڵوێستی چاك نەبوو، باوەڕی بە مێردی پێغەمبەری نەبوو).

وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِم مَّطَرًا فَسَاء مَطَرُ الْمُنذَرِينَ (58)

(لەبەرەبەیاندا) بەردبارانمان کردن، ئای کە بەردبارانی بێدار کەرەوەکان سەخت و دژوارە.

قُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ وَسَلَامٌ عَلَى عِبَادِهِ الَّذِينَ اصْطَفَى آللَّهُ خَيْرٌ أَمَّا يُشْرِكُونَ (59)

(ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، ئەی ئیماندار) بڵێ: سوپاس و ستایش بۆ خوای (میهرەبان)، سڵاو لەسەر ئەو بەندانەش کە هەڵیبژاردووە، ئایا ئەو خوا (میهرەبانە) چاکترە (کە بیپەرستێت و پەیڕەوی بەرنامەکەی بکرێت) یان ئەو شتانەو ئەو کەسانەی کە دەیکەنە شەریک و هاوەڵ بۆی؟

أَمَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ السَّمَاءِ مَاء فَأَنبَتْنَا بِهِ حَدَائِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ مَّا كَانَ لَكُمْ أَن تُنبِتُوا شَجَرَهَا أَإِلَهٌ مَّعَ اللَّهِ بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ (60)

(ئایا شەریک و هاوەڵ چاکترە بپەرستریّ) یا ئەو زاتەی کە ئاسمانەکان و زەوی دروستکردووەو لە ئاسمانەوە باران دەبارێنیّ و باخ و باخات و بێستانی جوان و ڕازاوەی پیّ بەرهەم دێنیّ، ئێوە هەرگیز نەتاندەتوانی درەختەکان بڕوێنن، ئایا ڕەوایە کە خوایەکی تر لەگەڵ خوای پەروەردگارا هەبێت؟! کەچی لەگەڵ ئەو هەموو (بەڵگانەدا) زۆربەی ئەو خەڵکە لە ڕێبازی ڕاست لادەدەن و شوێنی چەوتی و نادروستی دەکەون.

أَمَّن جَعَلَ الْأَرْضَ قَرَارًا وَجَعَلَ خِلَالَهَا أَنْهَارًا وَجَعَلَ لَهَا رَوَاسِيَ وَجَعَلَ بَيْنَ الْبَحْرَيْنِ حَاجِزًا أَإِلَهٌ مَّعَ اللَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ (61)

(ئایا تەنها ئەو زاتە نیە) کە زەوی دامەزراندوەو لەناویدا جۆگەو ڕوباری ڕەخساندوە، هەروەها زنجیرە چیای تێدا چەسپاندووە، لەنێوان دوو دەریاکەشدا بەربەستی بەرپا کردووە (کە ئاوی شیرین و سوێر تێکەڵ نابن) ئایا ڕەوایە خوایەکی لەگەڵ خوای پەروەردگارا هەبێت؟!، کەچی لەگەڵ ئەو هەموو (بەڵگانەدا) زۆربەی ئەو خەڵکە (لەم ڕاستیانە) نازانن و تێناگەن.

أَمَّن يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَاء الْأَرْضِ أَإِلَهٌ مَّعَ اللَّهِ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ (62)

ئایا کێیە جگە (لە زاتی پەروەردگار) کە بێت بە هاناو هاواری لێقەوماوو بیّ دەرەتان و بیّ داڵدەوە، کاتێك کە نزا دەکات و لێی دەپاڕێتەوە، ئەوسا بەڵاو ناخۆشیەکان لادەبات و دەتانکاتە نیشتەجیّ و جێنشین لە زەویدا، ئایا ڕەوایە لەگەڵ ئەو زاتەدا خوای تر هەبێت؟! کەمێك یاداوەری وەرگرن و تێفکرن و بیربکەنەوە.

أَمَّن يَهْدِيكُمْ فِي ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَمَن يُرْسِلُ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ أَإِلَهٌ مَّعَ اللَّهِ تَعَالَى اللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ (63)

ئايا كێ لە تاریکستانی سەر وشکانی (بیابانەکان) و دەریاکان ڕێنموویتان دەکات (تا ون نەبن)؟! کێ بای شەماڵ (هەڵگری هەڵمی ئاو) دەنێرێ وەك مژدەیەک پێش گەیشتنی (بارانی) ڕەحمەت؟، ئایا ڕەوایە لەگەڵ خوادا خوای تر هەبێت، بەرزیی و بڵندیی و مەزنیی بۆ خوای گەورە لەبەرانبەر (ئەو شتانەوە کە نەفامان) دەیکەنە هاوەڵ و شەریك (بۆ ئەو زاتە).

أَمَّن يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ وَمَن يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أَإِلَهٌ مَّعَ اللَّهِ قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (64)

ئایا کێ لە سەرەتاوە دروستکراوانی بەدیهێناوە، لەوەودواش سەرلەنوێ (دوای تێکدانی) دروستی دەکاتەوە، کێ لەو ئاسمانەوە (بەهۆی تیشکی خۆرو باران و هەواوە) لە زەویەوە (بەهۆی خاکەوە) ڕزق و ڕۆزیتان پێدەبەخشێت؟، ئایا (ڕەوایە) لەگەڵ زاتی خوادا خوای تر هەبێت؟، (پێیان) بڵێ: ئادەی بەڵگەتان چیە بیهێننە مەیدان ئەگەر ڕاست دەکەن.

قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ (65)

(ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێیان) بڵێ: جگە لە خوا هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هیچیان ئاگادار نین لە غەیب و نهێنی و شاراوەکان، هەرگیز (کەس نازانێط و) هەست ناکەن کەی زیندوو دەکرێنەوە.

بَلِ ادَّارَكَ عِلْمُهُمْ فِي الْآخِرَةِ بَلْ هُمْ فِي شَكٍّ مِّنْهَا بَلْ هُم مِّنْهَا عَمِونَ (66)

ئەوانە زانیاری و زانستیان دەربارەی قیامەت کۆتاو کەموکورتە، بەڵکو (هەندێك) لەوانە لە گوماندان دەربارەی، بەڵکو هەر کوێرن لە ئاستیداو دڵیان نابینایە.

وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَئِذَا كُنَّا تُرَابًا وَآبَاؤُنَا أَئِنَّا لَمُخْرَجُونَ (67)

ئەوانەی خوانەناس و کافرن دەڵێن: باشە ئەگەر ئێمە بووینە خاڵ لەگەڵ باوانماندا، ئایا ئێمە (بۆ ژیانێکی نویۆ لەخاك) دەردەچینەوە؟!

لَقَدْ وُعِدْنَا هَذَا نَحْنُ وَآبَاؤُنَا مِن قَبْلُ إِنْ هَذَا إِلَّا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ (68)

بەڕاستی ئێمە پێشتر لەم (جۆرە) بەڵێنانەمان پێدراوە لەگەڵ باوانماندا ئەمە هەر داستان و قسەی پێشینەکانە!!

قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُجْرِمِينَ (69)

پێیان بڵێ: دە بگەڕێن بەسەر زەویداو سەرنج بدەن و بزانن چۆن بوو سەرئەنجامی تاوانبارو تاوانکاران.

وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ وَلَا تَكُن فِي ضَيْقٍ مِّمَّا يَمْكُرُونَ (70)

تۆ هەرگیز خەفەت مەخۆو تەنگەتاو مەبە بەو پیلان و تەڵەکەو فێڵانەی کە ئەنجامی دەدەن.

وَيَقُولُونَ مَتَى هَذَا الْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (71)

(خوانەناسان) دەڵێن: کەی ئەم بەڵێنە پێش دێ ئەگەر ڕاست دەکەن (کەی سزای خوایی یەخەمان دەگرێت؟).

قُلْ عَسَى أَن يَكُونَ رَدِفَ لَكُم بَعْضُ الَّذِي تَسْتَعْجِلُونَ (72)

پێیان بڵێ: دوور نیە بەشێ لەو سزایەی کە ئێوە پەلەتانە، بەم زووانە بۆتان پێش نەیەت.

وَإِنَّ رَبَّكَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى النَّاسِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَشْكُرُونَ (73)

بەڕاستی پەروەردگاری تۆ خاوەنی فەزڵ و بەخشندەییەو بەسەر خەڵکییەوە، بەڵام زۆربەیان سوپاس ناپەرێزن.

وَإِنَّ رَبَّكَ لَيَعْلَمُ مَا تُكِنُّ صُدُورُهُمْ وَمَا يُعْلِنُونَ (74)

بێگومان پەروەردگارت چاك دەزانێت چی لە سینەیاندا حەشاردراوە و چیش ئاشکرا دەکەن.

وَمَا مِنْ غَائِبَةٍ فِي السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ (75)

هیچ شتێك لەخوا پەنهان نیە لە ئاسمانەکاندا بێت یا لە زەویدا، لە دۆسیەی ئاشکرادا تۆمار نەکرابێت.

إِنَّ هَذَا الْقُرْآنَ يَقُصُّ عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ أَكْثَرَ الَّذِي هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ (76)

بەڕاستی ئەم قورئانە زۆربەی زۆری ئەو شتانەی کە نەوەی ئیسرائیل جیاوازی و کێشەیان لەسەری هەیە باسی دەکات و لێی دەدوێت و ڕوونی دەکاتەوە.

وَإِنَّهُ لَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ (77)

هەر ئەم (قورئانە) هۆی هیدایەت و ڕێنموونی و ڕەحمەت و میهرەبانیە بۆ ئیمانداران.

إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِي بَيْنَهُم بِحُكْمِهِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْعَلِيمُ (78)

بەڕاستی پەروەردگارت دادوەریی دەکات لە نێوانیاندا بە فەرمانی خۆی، وە ئەو زاتێکی باڵادەست و زانایە.

فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّكَ عَلَى الْحَقِّ الْمُبِينِ (79)

(ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، ئەی ئیماندار) تۆ پشت بە خوا ببەستە، بەڕاستی تۆ لەسەر حەق و ڕاستەقینەیەکی ئاشکرایت.

إِنَّكَ لَا تُسْمِعُ الْمَوْتَى وَلَا تُسْمِعُ الصُّمَّ الدُّعَاءَ إِذَا وَلَّوْا مُدْبِرِينَ (80)

بێگومان تۆ ناتوانی (ئەم ڕاستیانە) بەدڵ مردووەکان بگەیەنی، هەروەها ناتوانی بانگەوازی خۆت بەگوێ سەنگین بگەیەنی، بەتایبەت کاتێك کە پشت هەڵدەکەن و (بڕیاری داخستنی دڵ و گوێیان دەدەن).

وَمَا أَنتَ بِهَادِي الْعُمْيِ عَن ضَلَالَتِهِمْ إِن تُسْمِعُ إِلَّا مَن يُؤْمِنُ بِآيَاتِنَا فَهُم مُّسْلِمُونَ (81)

هەروەه اتۆ ناتوانیت هیدایەت و ڕێنموونی کوێرو نابیناکان بکەیت و لەتاریکی ڕزگاریان بکەیت (ئەوانەی دڵیان کوێرەو سەرنجی ڕاستیەکان نادەن)، تۆ تەنها دەتوانی (ئەم ڕاستیانە) بدەی بە گوێی ئەو کەسانەدا کە باوەڕیان بە ئایەتەکانی ئێمە هەیە (لە قورئان و بونەوەردا) وە هەر ئەوانە ملکەچی (ڕاستیەکان) دەبن و تەسلیمی دەبن و موسوڵمان دەبن.

وَإِذَا وَقَعَ الْقَوْلُ عَلَيْهِمْ أَخْرَجْنَا لَهُمْ دَابَّةً مِّنَ الْأَرْضِ تُكَلِّمُهُمْ أَنَّ النَّاسَ كَانُوا بِآيَاتِنَا لَا يُوقِنُونَ (82)

کاتێ کە بڕیاری بەرپابوونی (قیامەت درا، یاخود نزیک بۆوە)، زیندەوەرێك لە زەوی دەردەهێنین بۆیان قسەیان بۆ دەکات کە: زۆربەی خەڵکی باوەڕیان بە ئایەتەکانی ئێمە نەبووە.

وَيَوْمَ نَحْشُرُ مِن كُلِّ أُمَّةٍ فَوْجًا مِّمَّن يُكَذِّبُ بِآيَاتِنَا فَهُمْ يُوزَعُونَ (83)

ڕۆژێك دێت لە هەر ئوممەتێك دەستەیەک کێش دەکەین و کۆیان دەکەینەوە، لەوانەی کە ئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆ دەخستەوە، هەمووشیان ڕیز دەبن بە ڕێکو پێکی.

حَتَّى إِذَا جَاؤُوا قَالَ أَكَذَّبْتُم بِآيَاتِي وَلَمْ تُحِيطُوا بِهَا عِلْمًا أَمَّاذَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ (84)

هەتا ئەو کاتەی کە دێتە پێشەوە بۆ لێپرسینەوە خوا دەفەرموێت: ئایا (ئێوە) ئایەتەکانی منتان بەدرۆخستەوە، بێ ئەوەی هیچ زانست و زانیاریەکتان دەربارەی هەبێت؟ باشە ئێوە (لەژیانی دنیادا) خەریکی چێ بوون؟ چیتان دەکرد؟

وَوَقَعَ الْقَوْلُ عَلَيْهِم بِمَا ظَلَمُوا فَهُمْ لَا يَنطِقُونَ (85)

(سەرئەنجام) بڕیارو فەرمانی خوا دەرچوو دژیان بەهۆی ستەمیانەوە، قسەیان بۆ نەکراو ورتەیان لێوە نەهات.

أَلَمْ يَرَوْا أَنَّا جَعَلْنَا اللَّيْلَ لِيَسْكُنُوا فِيهِ وَالنَّهَارَ مُبْصِرًا إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ (86)

ئایا (ئەو خەڵکە) نابینن کە هەر ئێمە شەومان تاریک کردووە، تا تیایدا بحەسێنەوە، ڕۆژیشمان ڕوناک کردۆتەوە تا هەموو شت ببینن، بەڕاستی ئالەو (دیاردانەدا) بەڵگەو نیشانەی زۆر هەیە بۆ کەسانێ کە ئیمان و باوەڕ دەهێنن.

وَيَوْمَ يُنفَخُ فِي الصُّورِ فَفَزِعَ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَمَن فِي الْأَرْضِ إِلَّا مَن شَاءَ اللَّهُ وَكُلٌّ أَتَوْهُ دَاخِرِينَ (87)

ڕۆژێک دێت کە فوو دەکرێت بە (صور)دا، هەر کەس لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، ترس و بیمێکی زۆر دایدەگرێت، جگە لەوانەی کە ویستی خوا وایە (ترس و بیمیان نەبێت)، هەموان بە ملکەچی و ناچاریی (لە خزمەت زاتی باڵادەستدا) کۆدەبنەوە.

وَتَرَى الْجِبَالَ تَحْسَبُهَا جَامِدَةً وَهِيَ تَمُرُّ مَرَّ السَّحَابِ صُنْعَ اللَّهِ الَّذِي أَتْقَنَ كُلَّ شَيْءٍ إِنَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَفْعَلُونَ (88)

تۆ کێوەکان وا دەبینیت کە وەستاون و بێ جوڵەن، لە کاتێکدا کە ئەوانیش وەکو هەور لە جووڵەدان (چونکە زەوی بەخێرایی هەزار کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە، هەروەها لەسەرەتای بەرپابوونی قیامەتدا کێوەکان وەکو خوری شیکراوە دەبرێن بە ئاسمانداو چاڵ و چۆڵی زەوییان پێ پڕ دەکرێتەوە)، ئەمەیە دەستکردی ئەو خوایەی کە هەموو شتێکی بەوپەڕی ڕێکوپێکی دروستکردووە، ئەو زاتە زۆر ئاگایە بەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

مَن جَاءَ بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ خَيْرٌ مِّنْهَا وَهُم مِّن فَزَعٍ يَوْمَئِذٍ آمِنُونَ (89)

ئەوەی چاکە بکات و کارو کردەوەی باش ئەنجام بدات، ئەوە پاداشتی بەنرخ و چاک و پاکیان پێشکەش دەکرێت، وە ئەوانە ترس و بیمی ئەو ڕۆژە پارێزراون و ئاسوودەو ئارامن.

وَمَن جَاء بِالسَّيِّئَةِ فَكُبَّتْ وُجُوهُهُمْ فِي النَّارِ هَلْ تُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ (90)

بەڵام ئەوەی تاوان و گوناهو خراپە دەکات، بەڕوودا و سەرەوخوار دەخرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە (پێیان دەوترێت): ئایا سزاتان لەبەرانبەر کردەوەکانتانەوە نیە؟!

إِنَّمَا أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ رَبَّ هَذِهِ الْبَلْدَةِ الَّذِي حَرَّمَهَا وَلَهُ كُلُّ شَيْءٍ وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْمُسْلِمِينَ (91)

(ئەی پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم پێیان بڵێ:) بەڕاستی من تەنها فەرمانی ئەوەم پێدراوە کە خوای ئەم شارەو ئەم شوێنە بپەرستم کە حورمەتی بۆ داناوە، وە هەموو شت ئەو خاوەنیەتی، من فەرمانم پێدراوە کە لە فەرمانبەردارو موسوڵمانەکان بم.

وَأَنْ أَتْلُوَ الْقُرْآنَ فَمَنِ اهْتَدَى فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ وَمَن ضَلَّ فَقُلْ إِنَّمَا أَنَا مِنَ الْمُنذِرِينَ (92)

(وە فەرمانم پێ دراوە کە): قورئان دەوربکەمەوەو بەردەوام بیخوێنمەوە، جا ئەوەی ڕێبازی هیدایەت وەربگرێط، ئەوە هیدایەتەکەی بۆ خۆی چاکەو (لە دنیاو قیامەتدا سوودی لێ وەردەگرێت)، ئەوەش کە خۆی گومڕا دەکات، تۆ پێی بڵێ: (من زۆرم لەسەرتان نیە) من تەنها بێدار کەرەوەم.

وَقُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ سَيُرِيكُمْ آيَاتِهِ فَتَعْرِفُونَهَا وَمَا رَبُّكَ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ (93)

وە بڵێ (الحمد لله) سوپاس و ستایش بۆ خوا، لە ئایندەیەکی نزیکدا هەموو ئایەت و (معجزة)کانی خۆیتان نیشان دەدات و دەیان ناسنەوە (کە

هەمووی دەستکاری خوای بەدیهێنەرە)، بێگومان پەروەردگاری تۆ غافڵ و بێ ئاگا نیە لەو کاروکردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.